www.kurdistannet.org
27-5-2003 1:47

# لێره و لەوێشم

مەهاباد قەرەداغی

سەرتاپا سیحره **یاد**،
سیحرێکی پەتی، سیحرێکی ئاڵۆز!
**یاد** نەبێ، چۆن دەتوانم لێره و لەوێش بم!؟
من ئێستام پڕه لە ئەوسا،
گەورەییم پڕه لە منداڵیی!
ئەفسوونه، یەک پارچه ئەفسوون!
ئەو ئاوێنەیەی لۆچەکانی نێوچەوانی ڕابردووت پیشان دەدات
ئەو کامێرا نادیارەی کە هەمیشه لەگەڵتدایه و..
ساتەکانی ئێستات بۆ سبەینێ بۆ هەڵدەگرێت.
...
سەرتاپا سیحره **خەیاڵ**،
سیحرێکی پەتی، سیحرێکی نایاب!
لە سایەی ئەودا،
ئایندەم لێ دەبێت به ئێستا و.. ئێستام لە ئەوسا جوانتر دەنوێنێ!
**یاد** نەبووایه،
ئەوسا نەدەگەیشته ئێستا و،
دوێنێ هەر دوێنێ دەمرد !
**خەیاڵ** نەبێ،
سبەینێ لە ئێستادا لەدایک نابێ،
**خەیاڵ** نەبێ، سبەینێ لە ئێستادا بوونی نییه!
...
سارتاپا دانایيه، **لەیادچوونەوە**!
داناییەکی تژی لە ژیریی!
لێوانلێو لە ئاوەز،
لە یادچوونەوه نەبوایه.. هەمیشه لە پرسەدا بووم!
دەبووایه هەمیشه نیگام خوسابێ و، هەنیسکم سۆز بکا!
لە یادچوونەوه نەبووایه،
دەبوایه هەمیشه بارگاوی بم به ژان،
ژنێک بم لە دۆزەخ!
لە گریان و هەژان!
...
سەرتاپا بەهرەمەندییه.. **فەرامۆشی**،
فەرامۆشی نەبێ، فەرشی غوربەت دەبێته جاوی مردن!
ژاوەژاوی ئەو بێدەنگییەی بازرەقەی بەستووه، کاسی دەکردین!
...
من ژنێکم، دەوڵەمەند به یاد و خەیاڵ!
هەژار به لە **یادچوونەوە** و **فەرامۆشی**!

٢٠٠٣/٥/١٧